# هەرێمی کوردستان

هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە
وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکات

ژمارە (٥٠٠)    ٣١ ی ئادار - ٢٠٠٩

خاوەن ئیمتیاز
وەزیری رۆشنبیری

سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان





www.heremikurdistan.com
Email: heremi_kurdistan@yahoo.com
politicsfile@ymail.com ئیمێلی فایلی سیاسی:


### د. دیندار زێباری بۆ«هەرێمی کوردستان»:

# لە کۆنگرەی جنێف، ستایشی رۆڵی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا



**هەرێمی کوردستان: تایبەت**

دوابەدوای گەڕانەوەی بەڕێز د. دیندار رێکخەری حکومەت بۆ کاروباری UN ئاماژەی بەوە کرد کە لەو کۆنگرەیەدا کە تایبەت بوو بە خولی دەیەمی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ، باس لە رۆڵی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار نێچیرڤان بارزانی کرا لە رووی پاراستنی مافی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ چاککردنی ژیان و گوزەرانی گیراوەکان و بەکارخستنەوەیان لە نێو کۆمەڵ و پاراستنی مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و نوێنەرانی، ئەو وڵاتە بەشداربووانەش ئاشنابوون بە ئەزموونی کوردستان و پێشکەوتنەکانی.

هەروەها بەڕێزی ئاماژەی بەوەکرد کە باس لە هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا لە رووی پاراستنی مافی کەمە نەتەوەییەکان و نوێنەرانی هەندێ وڵاتان شایەت حاڵ بوون بەم مەسەلەیە و وەفدی عێراقیش دانی بەوەدانا، کە جگە لەو پێشکەوتنانە، رۆڵی هەبووە لە یارمەتیدانی ئاوارە عێراقییەکان لە شارەکانی کوردستان و مافیان پارێزراوە.